چیرۆک

# هاوڕێیەکی نادیار



ئیسماعیل حەمەئەمین

-لەیادی هاوڕێیەکی نادیاردا [ ئەحمەد فەرەج]...وێنەیەکی ڕەش و سپی.

- ١ -



مامۆستا عومەر، ناسراو بە ( عومەر ترۆتسکی) هاوڕێیەکی دێرینەم بوو، دێرینە بوو لەماوەیەکی یەکتر ناسینی کورتدا، چیرۆکی لکاندنی نازناوی (لیۆ ترۆتسکی) بەناوی مامۆستا عومەرەوە، لەبەر ئەوە نەبووە، کەیەکێک بووە لەترۆتسکیەکانی نێو بزوتنەوەی شیوعییەکانی شەستەکانی ئێراقی بەزەمق پێکەوەلکاو، بەڵکو لەبەر بەرگریکردنی بەردەوامی بوو، لەبەر هۆیەک بێت، لەکوشتنی ترۆسکی بەدەست پیاوکوژەکەی جۆزێف ستالینەوە. ئەو زەمەنە پێویست بوو دەوڵەتی کۆمەنیستی هاوسەنگی خۆی بەهەر نرخێک بێت بپارێزێت، گەر هاتوو لەسەر لیستی خوێنی سەرکردەیەکی گەورەی وەک ترۆتسکیش بێت.. ئەمە ئەو ڕستە بەناوبانگە بوو کەکاتی خۆی نەیارانی مامۆستا عومەر بەچەندەها شێوە لەکاتی جیابوونەوەی قیادە مەرکەزی لە لیژنەی مەرکەزی حزبی شیوعی لەدژی مامۆستا پڕوپاگەندەیان بۆ کردووە، بەڵام لەیەکەم گوێبیستی ئەم ناوە یەکسەر هەست بەوێنەیەکی دیکەی دەکەیت، لەپشت ئەم نازناوە ڕاوەستاوە، هەست بەفیگۆری نادیارێک دەکەیت، سێبەرەکانی خۆی لەنێو ئەم پیاوە پیرەدا درێژدەکاتەوە و نایەوێت ئاوها بەئاسانی یەخەی بەربدات، مامۆستا عومەر ترۆتسکی هاوڕێیەکی دێرینەم بوو لەماوەیەکی یەکترناسینی زۆر کورتدا، هاوڕێیەکی بەتەمەن، هیلاک، ماندوو بەدەست دڵیەوە، کۆمەنیستێکی قەدیمەی ساڵی شەستەکان، پێموابێت پێش ئەو کاتەش ئەو هاتۆتە ڕیزەکانی حزبەوە. پیاوێک بەخەمی دووکوڕی شەهیدەوە سنوورەکانی بەزاندبوو، وەک پەڕی باڵندەیی ئاوارە لە ئەڵەمانیا و لەشاری نورنبێرگ بەهیلاکی، بەتێڕامانێکی پیری لەبیرەوەریە دوور و وێنەکانی زەمەنی نیشتمان، بە نۆستالژیایەکی هێمنەوە، بە لەسەرخۆیی و تەنهایی دڵیەوە، لەژوورێکی بچووکی نێو جەرگەی شار گیرسابۆوە، دڵی تاکە شتێک بوو

کە نەیدەویست زیاتر بژی، دڵی بەتەواوەتی لەژێر بیرەوەری و ئازاردا هیلاک و ڕیزاڵ، ڕیزاڵ بوو بوو، کەدڵیشی وەستا و کۆتایی بەژیانی تەنهایی نێو مەنفاکانی ڕۆح و جەستە و شوێنەکانی هات، شیعرێکم بۆ نووسی، بەڵام لەکاتی خۆیدا بڵاوم نەکردەوە.

من لە شاری نورنبێرگ مامۆستا (عومەر ترۆتسکی)م ناسی، بەخۆی و پاڵتۆیەکی قەدیمەو جانتایەکی قایشی زەمەنی سۆسیالیستییەوە، لەدڵی خۆمدا گووتم ئەوەش شیوعییەکی دیکەی نێو مۆزەخانەکانە، پیرێک درێژکراوەی (خالد بەگداش)ە پیرەکانە، نازانم بۆچی دەمەویست لەگەڵ پیری (خالد بەگداش)ی سکرتێری کۆنینەی حزبی شیوعی سوریدا بەراوردی بکەم، بۆچی؟!. خۆمن ئەوەندە شارەزایی بیۆگرافی (خالد بەگداش) نەبووم، تەنها چەند شتێکی کورت و ڕۆژنامەیی لێرە و لەوێم لەسەر خوێندبووەوە، بەڵام کاتی خۆی لەوێنەیەکی ڕەش و سپیدا خالد بەگداشم بینیبوو، وێنەیەکی ڕەش و سپی تێیدا لەتەمەنێکی زۆر بەقووڵاچوودا، لەتەمەنی ڕۆچوون بۆ نێو نهێنییەکانی پیرییدا، لەتەنیشت دوو کەسی دیکەوە ڕاوەستابوو، بەهێمنی درەختێکی پیرەوە کە ڕەگەکانی هاتبێتنە سەر زەوی و لە شێوەی تولە نەمامی دیکدا هەوڵی چەکەرە کردنی نوێ بدات، ئاوەها لەوێنە ڕەش و سپیەکەدا بە قینج وقیتی ڕاوەستابوو، لەگەڵ ئەوەی لەتەمەنی تەڵخبوونی دنیای ڕیاڵدا بوو، کەچی لەفۆتۆکەدا هیچ چەمانەوەیەک، کۆمییەکی پیرانەی تێدا بەدینەدەکرا. من پەیوەندیم بەئەوە نییە ئەو پیاوە چی کردووە، چی نەکردووە، گرنگ لای من ئەو وێنە ڕەش وسپیە بوو، ئێستا لەنێو قوڵایی نەستمەوە خۆی دەهێنێتە سەر ئاستەکانی نیگەرانییەکی هەستپێکراو.

بۆیەکێکی وەک من پێکەنینێکی بێ مەبەست بەسە بۆ ئەوەی چەندەها شەو و ڕۆژ پێوەی بتلێمەوە، لەوانەیە ئەو کەسەش نەناسم کە پێکەنیبێ، لەوانەیە بەمن پێنەکەنیبێ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەستێکم لادروست دەکات کەنازانم بۆچی و لەکوێوە لۆجیکی خۆی وەردەگرێت. لەوانەیە لەنادیارێکەوە سەرچاوەی هەڵگرتبێت کەمن نیم، نادیارێک بەردەوام لەگەڵمدا دەژی و هەستەکانی خۆمی لێ قەرزدەکەم، زۆرکاتیش هەموو هەڵەو کەموکوڕیەکانی خۆمی پێداهەڵدەواسم...لەوانەیە ئەو نادیارە خودی خۆمان بێت لەشوێنی دیکە بێت، شوێنێک ئێرە نەبێت، لەڕێگەی چرپەیەک، یاوەکو پێکەنینی ئەویتر کە نایناسین، بوونی ئەو نادیارەی خۆمان بدۆزینەوە، بکەوین بەسەر نیگەرانییەکانی دۆزینەوەی نادیارێکی دیکە کەخۆمان نییە، لەوانەیە بزەی مێینەیەک وەهات لێبکات هەست بکەیت ساڵانێکی زۆر دوور و درێژە ئەم مێینەیەت خۆش ویستووە وئەشقی بوویت، یان لەوانەیە واهەست بکەیت کەبۆنی لەشی هەمان ئەو بۆنەیە کەخەونت پێوە بینیوە، بۆنی پڵنگێکی درندە، وەحشی و چنگ هاوێژ، پێدەچێ ئەو نادیارە بەشێک بێت لە خۆمان و ئەوانیتر، تێکەڵبوونێکی وێنە ودەنگ وکەسێتی و کارەکتەری جۆراوجۆربن، کە فیگۆرکێشکردنی زۆر گرانە، بەڵام هەستپێکردنی لەچەندساتێکی دۆزینەوەی مرۆبوونی خۆماندایە، ساتێک جیهان شتێکی قورسە و بەرگەگرتنی گران دەبێت...لەوساتە جەهەنەمییەدا ئەو نادیارە لەوێدایە کە ئێمەیە لەبیرمان چووە، ئەو شوێنەی تێدا تەنهاین و بە بەجێهڵراویی ماوینەتەوە، ئەو ساتانە ساتی یەکگرتنەوەیەکی کورتە لەگەڵ سیحری ئەو شتانەی لەگەڵیاندا ژیاوین، بەڵام نەمانتوانیوە مانای تازە و جوانیان بدۆزینەوە، دەرکمان بەو ئیستاتیکایە نەکردووە کە لەشوێنێکی دیکەدا هەیە.

لەوانەیە لەوێنەی ڕەش و سپی پیاوێک کە نایناسم، وێنەی پیاوێک لە ڕۆژنامەیەکدا، بزەیەک، وشەیەکی تێپەڕبوو بە هزردا، تەتەڵە کردنی زمانێک، کەوتنەخوارەوەی پەرداخێک لەدەست، بەجێهێشتنی پاسێک، لەسەرە وەستانێکی هەڵەدا، چاوەڕوانی هاوڕێیەک و زۆر شتی دیکە...بەس بێت بۆئەوەی ئەو نادیارەت پێبناسێنێ کەلەشوێنێکی دیکەوە هاتووە، شێوە و ڕەنگی نییە، بەڵام بەتووندی ڕادەتدەچڵەکێنێ، لەوانەیە ئەو نادیارە هەموو ڕێڕەوی ژیانت بگۆڕێت.

کەبۆ یەکەم جار مامۆستا عومەر ترۆتسکیم لە کۆڕێکی ئەدەبیی ئەم مەنفا لەبیرکراوەدا ناسی، هەستمکرد ئەم پیاوە پیرە، هەمان بریسکەی چاوی ئەوی هەیە، چاوی (خالد بەگداش) کە بەرەش و سپێتی و پیریی لە رۆژنامەیەکدا وێنەیەکم بینی بوو. هەمان هێمنی، (، بەڵام بۆچی وام هەستدەکرد کەخالد بەگداش هێمنە، نازانم؟!). هەمان سەرسوڕماویی بەرامبەر دنیا، کە لەوێنە ڕەش و سپیەکەدا هەستمپێکردبوو، هەستمکرد لەم یەکتر ناسینەدا، یەکگرتنەوەی منە لەگەڵ هەستە قووڵە نادیارەکانی وێنە ڕەش و سپیەکە، لەگەڵ ئەو، لەگەڵ نادیارێک، کەساڵانێکی دوورودرێژە لەگەڵمدا دەژی.

- ٢ -

حیزانەترین شت لەخۆمدا ئەوەیە کەناتوانم باش تەعبیر لەخۆم بکەم، مەبەستم ئەوەیە ڕستە کۆمەڵایەتییەکانم کورت و بێکەڵکن، زۆر زوو واملێدەکات هەست بەپەشیمانیی بکەم لەشتێک کەنەمکردووە، لەقسەیەک نەمگوتووە، لەخەونێک قبووڵم نەکردووە، ئەمەش وایلێکردووم زۆربەی کات لەنێو جیهانی خۆمدا قوشمەڵەبم، لەوێشدا تەنها خەیاڵێکم هەیە بێسەر و بەر، جێماوی چەندەها سەدەی پواو و خۆری تێکشکاوی نێو تیشکەکانی خۆیانن، جێماوی مانگی ڕاکردوون لەنێو زەلکاوەکانی گەڕانەوە بۆ نێو خەونێک، کەبەچەندەها سەدەی قەوزاویی دوورن لەهەقیقەتی خۆیانەوە، هەموو ئەوانەی من دەناسن، تەنانەت کەسە نێزیکەکانی خۆم، مەزندەی ئەوە دەکەن سەری من پڕیەتی لەبیرکردنەوەی جۆراوجۆر، لەئەدەب، بیرکرنەوە لەو فیگۆرانەی بەنێو مندا دێن و دەچن، ئەوانە بەسەوازی جل لەبەرکردنم و دەموچاوم هەڵدەخەڵەتێن.

ڕۆژێکیان خانمێک کە ئامادەی یەکێک لەکۆڕەکانم بوو، لە ئێوارەیەکی هێمندا، لەقاوەخانەیەک کەتەنها لەبەر ئەوە دەچووم چونکە ئێواران موزیکی جاز، بە تایبەت سەکسیفۆن، یان ڤۆکال جاز، موزیکی زاڵی کەش و هەوای قاوەخانەکە بوو، ئەمە جگە لەوەی قاوەکەی وەک هەموو قاوەخانەیەکی کولتووریی، لەقاوەی قاوەخانەکانی دیکە هەرزانتر بوو، لەوێ دەمتوانی تەنهایی خۆم پەرشبەکەمەوە، بخوێنمەوە، بێئەوەی کەسێکی دیکە، یان مۆسیقای ئەمریکی هیپ هۆپ بێزارم بکات. لەو ئێوارەیەدا ئەو خانمە لەمێزەکەی ئەو بەرەوە هاتەلام و گووتی: ئاها..حەتمەن ڕۆماننووس و ڕەخنەگرەکەمان خەریکی هۆنینەوەی خەیاڵە بۆ بەشێکیتر لەڕۆمانە تازەکەی، وانییە.. منیش بەپێکەنینەوە گووتم: نەخێر من تەنها لەو کاتەدا بیریان لێدەکەمەوە کەدەنووسم...خانمەکە لەو وەڵامە سەری سوڕما و گووتی: چۆن!، من کە نووسەرەکان دەبینم ئاوەها لەبیرکردنەوەی قووڵدان، وەک ئێستای تۆ کە بەتەنیا لەسەر ئەو مێزە یەک کورسییە دانیشتووی، لەگەڵ خۆمدا دەڵێم: دەبێت ئێستا مێشکیان چەند جەنجاڵ بێت بە بیرکردنەوە لەم دنیایە.. منیش زۆر بۆهیمیانە گووتم: لەوانەیە ئەوە بۆیەکێکی دیکە ڕاست بێت..ئەویش بە بزۆزییەکی مێینەییەوە گووتی: ئەی بۆ تۆ!. منیش گووتم: من هەمیشە بیر لەشتی قۆڕو بێمانا دەکەمەوە، ئەو شتانەن کەنابن بە نووسین، نابن بە فیگۆری چیرۆک، بەقەسیدە ئاوەها.. خانمەکە بەپێکەنینەوە گووتی: ئەتوانی پێم بڵێیت تۆزێک لەمەو بەر بیرت لەچی دەکردەوە؟ بۆیە ئەوە دەپرسم، چونکە ترسام لەنێو بیرکرنەوەدا نقووم بیت و سەرئاو نەکەویتەوە، بۆیە ویستم تۆزێک بێزارت بکەم، منیش گووتم: بە پێچەوانەوە کێ هەیە خەون بەو ساتە وەختەوە نەبینێت کەخانمێکی قەشەنگی وەک تۆ لەئێوارەیەکی باراناوی ئاوەهاو لەگەڵ موزیکی جازی شەستەکانی سەدەی بیستدا پەیدا بێت و لەخنکان ڕزگاری بکات..خانمەکە پێکەنی و گووتی: سوپاس بۆ ئەم ڕیاکارییە جوانە، بەڵام ڕامەکە لەپرسیارەکەم، تکایە...منیش گووتم: وەک پێمگووتی من تەنها لەکاتی نووسیندا بیردەکەمەوە، باقی هەمووی وەک سەرەنوێڵکی لاکۆڵانە، کە هەموو شتێکی تێدا فڕێدراوە، خانمەکە گووتی: چۆن تێناگەم! چۆن بیرکردنەوەی نووسەرێکی وەک تۆ دەبێتە سکرابخانە..

منیش گووتم: بۆچی بەدوودڵییەوە دان بەوشەی سکرابخانەدا دەنێیت، تەواوە، ڕاست پێکات، من لەو ساتانەی کە ناخوێنمەوە و نانووسم، بیر لەهیچ ناکەمەوە. ئەوەی هەیە دەنگە دەنگی سەیرە، بۆ نمونە وشەی گۆرانییەکی گۆرانیبێژێکی بێمانا، یان ڕستەیەکی تێپەڕبووی بەتاڵ لەهەموو مانایەک، کە ئەو ڕۆژە لەنێوان دوو کەسی سەر جادەدا گووتراوە، یان بیر لەمراوییەکی نەخۆشی بێ پەڕوباڵ، سەگێکی بەڕەڵا، ئەلکحولییەک لەسەر ئەم شەقامانە دەقیژێنێت.. شتی ئاوەها کە بەهیچ شێوەیەک بەند نابنەوە بەدونیای ئێمە.. ئاوەها.... خانمەکە بۆ ئەوەی بتوانێت زیاتر زاڵ بێت بەسەر سەرسوڕمانی خۆیدا گووتی: ئەی تۆزێک لەمەو بەر بیرت لەچی دەکردەوە؟ منیش زۆر بەجدییەوە گووتم: ئاسانە.. فیگۆری ئەڵقەیەکی کارتۆنی منالآن، کەسێ ڕۆژ لەمەو بەر لەتەلەفیزۆندا تەماشام کردووە.. ئا.. بێگومان بیرم لەخۆی نەکردۆتەوە وەک فیگۆری چیرۆکێکی کارتۆن، بەڵکو ئەوە سێ ڕۆژ دەبێت جارجارە بیر لەپێکەنینە سەیرەکەی دەکەمەوە و لەنێو سەرمدا زرنگەدەداتەوە.. بەڵێ تەنها پێکەنینەکەی، ئاوەها خانمەکەم سەرم پڕێتی لەشتی قوڕ و بێمانا..

من وەهام، ئەمەش واملێدەکات کە نەتوانم لەکاتی قسەکردندا باش تەعبیر لەخۆم بکەم، ڕستەکانم توانای قەناعەت پێهێنانی مێشولەیەکیان نییە، پەرش و بڵاو و بازهەڵدەرن بەسەر بابەتی نیوەناچڵ و ئۆیفۆریی ساتەوەختی کورتدا، بێمانا و بەیەکداچوون بەنێو یەکدیدا، وەک ئەو سەرەنوێڵکە وەهایە کە بۆ خانمەکەم باسکرد، بەکورتی ئەفسانەی من، (بێگومان گەر شتی وەها بوونی هەبێت)، لەگەڵ یەکەمین گفتوگۆکردن لەگەڵ لەبلەبانێکی باشدا کۆتایی پێدێت، ئەوەندەی لە نووسینەکانمدا بەجددی دیارم، لەبیرکردنەوەمدا فەوزەوی و بۆهیمیم.. ئیدی لەم خەیاڵە ئاناریشستەوە بریقەی چاوێک بەسە، بۆئەوەی دنیایەک خەیاڵی لەسەر بینا بکەم، هەموو ئەم ناماقوڵ وپارادۆکسەکانی فانتازیا بژێنمەوە کە گێژی داوم، دنیایەک درۆی ڕەنگاو و ڕەنگ وەک تەیمانی گوڵی سپی وسوور و شینی بەدەوری ڕاستییەکاندا هەڵبچنم، کەئیدی زۆر لەحەقیقەتی ئەو کەسە، یان ئەو بابەتە دوور کەوێتەوە، ئاوەها قەرەباڵغی و بێمانایی دەبنە بەشێک لەو فیگۆرانەی لەکاتی نووسیندا بیریان لێدەکەمەوە، بەمشێوەیە وێنەیەکی ڕەش وسپی پیاوێکی وەک (خالد بەگداش) کەنایناسم، بەس بوو بۆ ئەوەی لەیەکێکی دیکە نێزیک ببمەوە و حەقیقەتی واقیعی بەحەقیقەتی شیعری بگۆڕمەوە.

- ٣ -

بۆچی ئێستا، دوای کۆچی دوایی هاوڕێکەم، دوای ئەم هەموو تێپەڕبوونە بەسەر چلەو ماتەمینی، دوای ئەم هەموو ساڵە، دەمەوێت ئەو شیعرە بڵاوبکەمەوە کەکاتی خۆی بۆم نووسیبوو! خۆدەمتوانی لەکاتی خۆیدا بۆ ڕۆژنامەیەکی بنێرم، بۆچی ئەوەم نەکرد؟! چ سێبەرێک بەدوومەوە بوو کە نەهێڵێت ئەم شیعرە بڵاوبکەمەوە بۆ پیاوێک نووسیومە، خۆشم ویستووە وهاوڕێم بووە؟ لەگەڵ ئەوەی چەند مانگێک دوای کۆچی دوایی هاوڕێ بەتەمەنەکەم گەڕامەوە بۆ ماڵێ، بۆ کوردستان، دەبێت دان بەوەشدابنێم، ئێستا من هیچ زەوی و شوێنێک بەماڵی خۆم نازانم و چیتر وەک جاران بەدووی ماڵدا نەگەڕێم.. کەواتە بۆچی و لەچی ڕادەکەم؟ تۆ بڵێی ئەو پیاوە بەشێک بێت لە حەقیقەتێک من لێیڕادەکەم؟ یان نادیارێکە لەشوێنێکی دیکەدا بوونی هەیەو توانای ئەوەم نییە بیدۆزمەوە؟ یان لە فەشەلی خۆمدا، لەنشوستیم لەگەڕانم بەدوای شوێنێکی یۆتۆبییدا، ئێستا دەمەوێت نادیارێک بدۆزمەوە، بۆ ئەوەی پەلمبگرێت بۆئەو شوێنە یۆتۆبییە کەبەدوویدا وێڵم.. نازانم!.

من هەمیشە ئەو بڕوایەم هەبووە بەوەی نادیارێک هەیە چەندەها ساڵ و عەیام لەگەڵتدا دەژی و

تەنها ساتی دەرکەوتنی دەبێتە ساتی حەقیقەتی، ئەو ساتەش کورتخایەنە زووتێپەڕە. ئەو شیعرەش بەزوو تێپەڕی نووسرابوو، بەڵام بەدەر لە بەهای ئەدەبیی، لای من ئاسەوار و جێگەپێی پیاوێکە بەئاسانی بەژیاندا تێنەپەڕیوە، نادیاربووە، ئەو ساتەی من ناسیومە، دەرکەوتووە. پێدەچێ ئەو نادیارە، ئەو حەقیقەتە شەفاف و هەڵامیەبێت کەلێرەو لەوێ، تەنها خەیاڵ دەرکی پێدەکات؟ دەرکەوتنی ئەم پیاوە لەژیانی مندا کورتخایەن بوو، لەگەڵ تێپەڕبوونیدا لای هەمووان بوو بەبیرەوەریی، کەچی لای من شیعرێک بوو لەسەر ڕەف! بۆچی ئێستا وتەنها ئێستا بیر لەبڵاوکردنەوەی دەکەمەوە و ئێستاش ئەم وشانە دەنووسم ؟!.

من نەشیوعییم ونەزۆر لەگەڵ ئایدۆلۆژیدا دانووم دەکولێ، بەڵام پێدەچێ جوانیی ئەم هاوڕێ شیوعییەم لەوەدابووبێت شیوعی بووە بەو شێوەی خۆی دەیویست، بەو شێوەیەی ئەو دەیویست وبیری لێدەکردەوە، بەئاسانی، بێ زۆر لەخۆکردن لە سروشتی خۆیەوە کۆمەنیست بوو. بۆنمونە بەسادەیی شیوعییەک لەسەر جادە منی دەگرت و دەیگووت: ئەم سوستێمە توانای بەردەوام بوونی نییە؟.. دیارە ئەم ڕستەیە شتێکی چاوەڕوان نەکراو نییە لەکۆمەنیستێکی قەدیمە و موخەزرەم، بەڵام لەکۆمەنیستێکی پیر، مەرگ هەفتانە دەیدا بەزەویدا و دەچووە نێو سوڕی بێهۆشی و لەخەستەخانەکانی (نورنبێرگ و ئێرلانگن) دەمایەوە، دەبوایە زیاتر بەجەستەیەوە خەریک بێت، دەبوایە وەک هەموو کەسێک کەدەگاتە لێوارەکانی ژیان بەمردنەوە خەریک بوایە. لەبەر ئەوە زیاتر ئەم قسانە جێی سەرسام بوونم بوو. وامهەستدەکرد بەم قسانە دەیەویست درێژە بە شەڕی بیرکردنەوە بدات، لەدژی دڵێکی هیلاک و ڕیزاڵبووی ڕۆژەکانی نیشتمان، درێژە بەخۆشبەختییەکی ڕاستەقینە بدات کە پێیدەڵێن بەردەوامیی لەنێو یۆتۆپیادا.

ئەو مانگی چەند جارێک دەچووە ژێر ئامێرەوە و تەنانەت لەو ماوەیەی کوردستانی جێهێشتبوو نەیدەتوانی چەند هەنگاوێکیش لە شاری (نورنبێرگ) دوورکەوێتەوە، سەفەر شتێک بوو لای ئەو مانای خۆی ونکردبوو، سەفەر تەنها چیرۆکێکی دوور بوو، ئەو پێینەدەگەیشت، ئەو دیلی دڵی بوو. دیلی ئەو خەونەی بوو کە دووکوڕە چکۆلەکانیشی کاتی خۆی سالآنێک لە ئەورووپا و سۆڤیەت خوێندبوویان، لەجیاتی ئەوەی بەشارەجوانەکاندا تێپەڕبنەوە و بەفڕۆکە و بڕوانامەکانیانەوە بێنەوە کوردستانی هەشتاکانی سەدەی بیست، لەشاخەوە خۆیان کرد بەشاردا وهەر لەنێو جەرگەی شەڕ بۆ خەونەکانیان، وەک دوو پێشمەرگە شەهید بوون، دوو پێشمەرگە ئێستا کەس نایان ناسێت و لەلیستی هیچ حزبێکدا بوونیان نییە.

ئەم پیاوە سەرسامی کردبووم بە هێمنیی و لەسەرخۆیی و گەشبینییەکی بێوێنە، دەتوانم بڵێم، بەشێکی زۆری ڕەشبینیی من بەرامبەر دنیا، کەفکر نەیدەتوانی لەناخمدا گەشبینیی بکات. بە گەشبینیی وبزەکەی ئەو، زۆر سەیر خاوکرایەوە. بەجۆرێک کە تاوەکو ئێستاش هێزم پێدەبەخشێت بۆ بەردەوام بوون لەسەر ئەم جۆرە ژیانە بێسەروبەرەی نێو کتێبەکان، وەک ئەوەی ترۆتسکی قورقوشمی بەسەرمدا تواندبێتەوە، ئاوەها من چیتر ترسم لە پیربوون نەما، هاوڕێ کۆمەنیستە قەدیمەکەم هەموو جارێک لەبەردەمی مندا هەموو وێنە تەقلیدییەکانی پیریتیی تێکدەشکان، یەک لەدوای یەک ئەو کلێشانەی لەخەیاڵمدا بۆ پیریتیی هەمبوو، هەمووی لەبەردەم ئەوداماناکانی خۆیان وندەکرد، ئەبێت ئەوە بڵێم لەزەمەنی مەنفادا گەشبینی شتێکی بێدەنگ و بێپێناسەو تێپەڕە، بەڵام گەشبینیی ئەو بەدەر بوو لەهەموو ئەم هاوکێشانە، ئەوەی سەرسامی کردبووم لەگەشبینیی ئەودا، ئەوەبوو، ئەو هیچ حەزێکی تێدانەبوو بۆ تراژیدیکردنی خەباتی خۆی، هەرگیز باسی کوڕە شەهیدەکانی نەدەکرد، ئەو تامردنی شەڕی لەگەڵ ڕەشبینییەک، پیسیمیزمێک دەکرد، کەمنیش وەک، ئۆسڤاڵد شپلینگەر، خۆمم پێهەڵواسیبوو.

ئا.. تەواو وایە، ئۆسڤاڵد شپلینگەر لەو بڕوایەدا بوو، ڕەشبینی و ڕوخان چارەنووسی هەموو کولتورێکی مەزنە، ئەم کلێشەیە و چەندەها کلێشەی تری پسیمیزمی نەخۆشانەی من، زاخاودرابوو بە فەلسەفەی وشک

و هیپۆتێزی کافکاویەت و ڕەشبینی پۆست مۆدێرنی، هەموو ئەمانە، لەبەرامبەر هێمنی ئەودا کاڵدەبوونەوە، دەبوون بەدوکەڵی جگەرە و بەنێو نادیاردا پەرشدەبوونەوە.

شەڕکردنی ئەو لەگەڵ ڕەشبینی لەو بێدەنگییەی ئەودا، لەبەرامبەر چیرۆکی کوڕە شەهیدەکانی، ڕەنگی دابویەوە. لەو بڕوا پتەوە سەرچاوەی هەڵگرتبوو، کە شەهیدبوون وقارەمانێتی دووشتی زۆر جیاوازن، ئەو شەهیدبوونی دەگەڕاندەوە بۆ چوارچێوە هیومانییەکەی، لە هاوکێشەی بوون و بڕیاردان و خۆدۆزینەوە لەکارێکی تایبەتدا، لە بابەتێکی تایبەت، کە مرۆڤ بوونی خۆی تێدا دەدۆزێتەوە، ئەو لە ڕوانگەی شۆڕشگێڕێکی ڕۆمانسییەوە لەدنیای کوڕە شەهیدبووەکانی دەڕوانی، بەڵام من پێموابوو ئەو نادیارێک دەبینێت لەکوڕەکانیدا کەئێستا دوای شەهیدبوونیان پەڕیونەتەوە بۆلای و باقی ژیانی هاودەمی دەبێت، هەمیشە ئەو نادیارە لەو بەری شەقامەکە، یان لەسووچی ژوورەکاندا ئەوەی بیردەهێنێتەوە کەهێشتا خەبات کۆتایی نەهاتووە، من جارێکیان پێمگووت، کەئەو هێشتا وەک شۆڕشگێڕێکی ڕۆمانسی زەمەنی (جۆزێف ستالین) بیردەکاتەوە، وەک پیشەی خۆم دوای گووتنی ئەو ڕستەیە یەکسەر پەشیمانبوومەوە، ئەو پەشیمانییەم پێنەدەشاردرایەوە، کەچی ئەو بەپێکەنینێکی بێباکییەوە گووتی: هاوڕێم هەر یەک لەئێمە بەشێوازی خۆی شۆڕسگێڕێکی ڕۆمانسییە..

من لەو بڕوایەدا بووم، ئەو لەهاوکێشە وجودییەکەیەوە لە شەهیدبوونی کوڕەکانی دەڕوانی، بێئەوەی بڕوای بەوجودییەت هەبێ. بەهیچ شێوەیەک وێنەی قارەمان و وێنەی شەهیدی تێکەڵ بەیەکدی نەدەکرد، ئەمە لە سادەگێڕانەوەی چیرۆکی شەهیدبوونی هەردوو کوڕەکەیدا پێیگەیشتم، ئەو بۆی گێڕامەوە کەلەسەفەرێکیدا بۆ (بۆدابست)، هەردوو کوڕەکەی، یەکێکیان لەئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتەوە و ئەویتر لەڕۆمانیاوە لەئوتێلەکەی سەردانیان کردبوو، پێیان ڕاگەیاندبوو کەدوای تەواوکردنی خوێندنیان لەئێرانەوە پەیوەندی دەکەنەوە بەشۆڕش، شۆڕش پێویستی پێمانە، ئەمە دوا قسەی ئەو دوو برا خەوبینەرە بوو، کە لەدوای چەندەها ساڵ یەکێکیان بەپلان و پەرلەی شۆڕش خۆی، لەگوندێکی چەپەکداکوژرا و ئەویتریشیان دوو ڕۆژ دوای کوژرانی برا گەورەکەی دەکەوێتە کەمینی شەڕی براکوژی شاخەوە و دەکوژرێت، مامۆستا عومەر دانی بەوەدا دەنا کە دەبووایە بەتووندی دژایەتی ئەو جۆرە سەرکێشییەی کوڕەکانی بکردایە، دەبوایە پەلاماری دەسەڵاتی باوکسالاریەتی بدایە، چونکە خۆی گوتەنی شۆڕشەکانی ئەو دەڤەرە جگەلە کوژراو و قاچاخچی نەبێت، هیچی لێوەبەر نەهاتووە...من ڕێزم لەبڕیارەکەیان گرت، بیرم لەوە کردەوە لەوانەیە ئەوان، وەک نەوەیەکی نوێ، بتوانن ئەو گۆڕانکارییە بەدیبهێنن، کە ئێمە نشوستیمان تێداهێناوە... ئەو شەهیدبوونی کوڕەکانی لەچوارچێوەی شەڕی مرۆڤ لەپێناوی باڵایدا دەخوێندەوە، بەڵام ئەمە بەقارەمانێتی تێندەگەیشت، بەڵکو وەک بەشێک لەمەیسەرکردنی لایەنە هیومانییەکەی خۆیان، ئەوان شەڕیان بۆ خۆیان، وەک مرۆڤ کردووە.

بە پێچەوانەی ڕاکانی مامۆستا عومەرترۆتسکی، هەمیشە مرۆڤبوون لای من، ئەو چەمکە نادیارە بووە کەلەئەوانیتردا بەدوویدا دەگەڕێین، بەهەمان شێوە، من پێموایە شەهیدەکانمان ئەو گوڵانەن، ئەو خەونە بەدینەهاتووانەن بە ناتەواویی بەردەوامیی دەدەن بەخەونێک بەدینەهاتووە و بەدیش نایەت، ئەوانە لەنێو ئەو ناتەواوییەدا دەمێننەوە بۆ ئەوەی هەمیشە بەردەوامیی بدەن بە بەدینەهاتن و نیگەرانی لەیادەوەریماندا، بەوەی شتێک هەیە ئەوان تەواویان نەکردووە و ناتەواوە، دەبێت بەدیبێت، کەبەدیش دێت دەبێت بگاتە ئاستی خەونی ئەوان، چونکە ئەوان وەک نادیارێک لەوشوێنەدان، تێیدا ئێمە هەست بە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ و برینداریی ڕۆحیی دەکەین، ئەوان بەکۆتایی هێنان بەژیانیان بەردەوامییەک دەدەن بەخەونێک ئێمە نازانین ئەوان چۆن خەونیان پێوە بینیووە، لەبەرئەوەیە هەمیشە لەوەداین، ئەو ناتەواوییانە

تەواوکەین، شەهیدبوون سەرەتای هاوکێشەی ناتەواو و تەواوییەکی خەیاڵییە، کە دەگەینە ئامانجێکیش هەست بەناتەواوی دەکەین، چونکە نازانین نادیارەکان، شەهیدەکانمان، ئەم پرۆسێسە چۆن دەبینین!!.

ئێمە دەمانەوێت ئەوان لەنێو ئاوارەیی ڕۆح و پەرەوازەبوونی نێو زۆلکاوەکانی مردنەوە بهێنینەوە نێو هۆشمەندی ئێستاکێی، بۆئەوەی بزانین خەونەکان بەدیهاتوون یان ناتەواوییەک لەنێو ژیاندا خۆی درێژدەکاتەوە.. شەهیدەکانمان ئەو پەینەبردنانەن بە هەقیقەتێک، کەهەقیقەتی خۆمان نییە، ئەو وێنانەن هەرگیز لەخەیاڵەوە ناپەڕێنەوە نێو دنیای ڕاستەقینە، ئەوان توانای هاتنەوەیان نییە، بەڵام ئامادەبوونیان هەیە، وەک هەموو نادیارێک ڕاستەوخۆیی خۆیان ونکردووە، چونکە لەبیرەوەری دووردا ڕاستەوخۆیی درۆیەکی ڕەشــە، ئەوەی دەمێنێتەوە بۆمان ئەوەیە، شەهیدەکانمان، ئەو ئازیزانەی لەپێناوی شتێکدا، بۆ ئەشقێک، بۆ شیعرێک ژیاون، لەنێو یادەوەری ئێمەدا ئاوارەبوون، دەمانەوێت جارێکی دیکە و بەشێوەیەکی دیکە هەستیان پێبکەین، هەست و گفتوگۆی خۆمانیان لێ قەرزبکەین، لەهەمانکاتیشدا هەستەکانی خۆمانیان پێببەخشین. ئیدی شانازی کردن بەشەهیدەوە، شانازیکردنێکە بەنادیارێک کەخودی ناتەواوی ڕۆحیمانە لەنێو جەنگێک لەجەنگەکانی دڵ.

ئەم پیاوە کە ئێستا لای من نادیارێکە، مێژوویەکی خودیی هەبوو، مێژوویەک بەهێمنییەوە بڕوای پێبوو، مێژوویەک لەحەقیقەتی سادە، بەڵام پڕمانا و جوان، ئەو کۆمەنیستێک بوو لەسەر ڕێگەی خۆی، بەو شێوەیەی خۆی دەیویست، کۆمەنیستێک بوو بەدوای جوانییەکانی ژیاندا دەگەڕا.

- ٤ -

لەساتێکی سەردانمدا بۆخەستەخانە، کاتێک بەخۆم وچەپکێ گوڵەوە بەنێو ڕاڕەوەکاندا هەنگاوم دەنا، نەشارەزا لەئافرەتێکی کارمەندی خەستاخەنەکەم پرسی: لەکوێ بەشی دڵ بدۆزمەوە، لەبەشی دڵیش پرسیاری هاوڕێ دێرینەکەم لەئافرەتێکی دیکە کرد، دوا ژووری نیشاندام، پێیگووتم دەتوانم چاوەڕوانی کـەم چونکە مـاوەی چەند کاتژمێرێک دەبێت لەژێر ئامێرەکانی چارەسـەردایە، کەویستی ژمارەی قەرەوێڵکەیم پێبڵێ، پێمگووت دڵنیابە بەهیچدا نەیدۆزمەوە بەکتێب وچاویلکەکەیدا دەیدۆزمەوە... لەسەر دۆلابە بچووکەکەی تەنیشت شوێنی بەتاڵی قەرەوێڵە لابراوەکەی، کتێبێک بەهەڵگەڕاوەیی وچاویلکەیەک دانرابوو، من یەکسەر هەستم بەنادیارێک کرد کەپێمدەڵێت، ئەوە تۆی براوی بۆ ژێر ئامێرەکانی دڵ، ئەوە تۆشی دەگەڕێیتەوە بۆ لای کتێب و چاویلکەکەت...من دەبوایە ئینجانەیەک بۆ گوڵەکان بدۆزمەوە بۆ ئەوەی کاتێک بەقەرەوێڵەکەیەوە دەیهێننە ژووریٚ گوڵەکان لەتەنیشتیەوە پێشوازی لێبکەن، من دەزانم ئەم پیاوە چەند لەو باڵەخانە تەسک و پاکەتە جگەرانەی ئەوروپا بێزارە، ئەو حەزی دەچووە سەر باخێک لەگوڵی جوان، باخێکی بچووک لەنیشتمانێکی دووری پڕ لەڕەیحانە ڕەشە.

پێش ئەوەی ئەو بێتەوە بەفرسەتم زانی و سەیری ئەو کتێبەم کرد کەئەو لەسەر لاپەڕەیەکی دیاریکراو دایابوو، پێدەچوو پێش دەستپێکردنی سووڕی بێهۆشی و چوونی بۆ ژێر ئامێرەکان بەدەمەونخوونی دایابێت، لەو ساتەدا هەستمکرد ئەوە منم لەشوێنێکی ترو زەمەنێکی دیکەدا، ئەوە کتێبی منە بەکراوەیی لەسەر مێزێکی تەنیای خەستەخانەیەکی چەپەک و دووری ئەم دنیایە دانراوە، مامۆستا (عومەر ترۆتسکی) کتێبەکەی ئاوەها بەکراوەیی دانابوو، بۆ ئەوەی کە وەئاگا بۆوە بەردەوامیی بدات بەو خوێندنەوەیەی دڵەخورپێ پێی بڕیبوو، وابزانم ئەو کتێبە، گۆڤارێکی ئەدەبیی بوو، ئەو بابەتەی ئەو خوێندبویەوە زیاتر جێگەی سەرنجم بوو، ئەو بابەتە لەمەڕ پێناسەو هێڵە سەرەکییەکانی فەلسەفەی پۆست مۆدێرنە بوو، ئەوەی باش لەبیرمە ئەوەیە کەئەو بابەتە لەلایەن شاعیرێکەوە ئامادەکرابوو.

دوای ماوەیەک مامۆستا عومەریان هێنا، بەڵام بەنیمچە بێهۆشی، کەچاوی هەڵهێنا و منی بینی فرمێسک بەچاوەکانیدا هاتنە خوارێ، هەناسەیەکی هەڵکێشا و گووتی: لەوانەیە تۆ زۆر دژی بیروراکانم بی، بەڵام شیعرت خۆشت دەوێت، ئەوەش واملێدەکات لەبەردەمی تۆداو دوای ئەم هەموو ساڵە لەخەبات ودوای ئەم هەموو ئەزمونە تاڵ و ترشەمان، دوای شەهیدبوونی هەردوو کۆرپەکەم، لەبەردەم ئەو هەستەدابم، کە نەوەی ئێمە دوای ئەو هەموو خوێنرشتنە نەمانتوانی بەردێک لەشوێنی خۆی بجولێنین، هێشتا دنیای ئێمە پڕێتی لەکاری ناتەواو، هێشتا زۆر کاریتر ماوە بیکەین..

ئەم پیاوە هەمیشە هەستی بەگومان دەکرد، گومان لەوەی هەیە، هەستێک بەوەی شتێک هەیە ناتەواوە ودەبێت تەواو بکرێت، بازنەیەک لەتەواویی وناتەواویی، وزەی پێدەبەخشی بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لەخەون بینین، نەترسێت لەباسکردنی خەوش وگومانەکانی، هیلاک نەبێت تاوەکو ئەو ڕۆژەی تابووتی ئەو خرایە فرۆکەیەک، بۆئەوەی وەک لاشەی خەوبینەرێک بگەڕێتەوە بۆ کوردستان.

- ٥ -

لەوانەیە ئەویش لەو ساتانەی نیمچە بێهۆشیدا ئەو نادیارە سەردانی کردبێت، لەپێچی کۆڵانێکدا ڕوویان بوو بێت بەڕووی یەکدییەوە، سڵاویان لەیەکتری نەکردبێت، بەڵکو سێبەری خۆیان بۆ یەکتری جێهێشتبێ.. ڕەنگێک جێمابێ لەجیاتی شوێن پێ، ڕەنگێک، پەڵەیەک لەسەر دڵ جێبهێڵێ، تەمومژییەک، وێنەی مێنییەکی دڵ، یاوەکو پیاوێکی درێژی نێو زەمەنێکی پەمەیی شێوەبازبکات. نادیارێک بەردەوام لە نێو خودی ئەودا نووستبێت و لەساتەکانی بێهۆشی پێش مەرگ بەسەر کێڵگەکانیدا کەوتبێت، بەسەر ئەو وێنە ڕەش و سپیەی لەوانەیە یەکێکی دیکە بێت، نەک ئەو. شتێکی دیکە بێت جیاواز لەڕووەکەکانی ڕۆژانەی ژیان، ئەوانەی ڕۆژانە بەنێویدا تێپەڕ دەبین، ئەو ڕووەکە پڵنگیانەی بەشێکن لە بیرچوونەوە و ڕاکردن لەخود.

نادیارێک لە ساتێکی خوماریدا پوچێتیمان ئاشکرابکات، لەوانەیە هاوڕێکەم لەو نیمچە بێهۆشییەیدا ئەوی بینیبێ کەچۆن پشتی تێکردووەو لەودیوو شوشەی پەنجەرەکەوە سەیری دنیای قەرەباڵغ دەکات، دەرگایەکی دیکەی لەسەر باخچەیەکی دیکەی لێکردبێتەوە، کەباخچەکانی خەیاڵن لە نێو یادەوەرییەکی دووردا، لەوانەیە ئەو گومانە، ئەو دڵەڕاوکێیە پەنهانییە، دوای ئەم هەموو ساڵە لەنێو گوڵەکانی ئەو باخچەیەدا چەکەرەی کردبێت، لەوانەیە لەوساتەدا ئەو نادیارە من بوو بم کە ئەو.. هاوڕێکەم نیم.

لەوانەیە ئێستا و لەساتی نووسینی ئەم وشانەدا ئەویش وێنەیەکی ڕەش وسپی بێت لەپاڵ ئەو وێنە ڕەش وسپیانەی لەمێژووی خەونەکانماندان، لەشوێنێکی دیکەدا بەردەوامیی دەدەن بەخۆیان، لەیادەوەری دوورماندا بەشێوەیەکی دیکە بەنێو ساراو ئارانە بێتخووبەکاندا هەنگاو دەنێن و ئێمەش لەساتێکی خوماری دیۆنیزیدا بیاندۆزینەوە، بەردەوام بیر لەبریقەی چاوەکانیان بکەینەوە... من ئێستا و دوای ئەم ماوە دوور ودرێژە بیر لەبیریقەی چاوەکانی دەکەمەوە، بیر لەهاوڕێ دێرینەکەم، کۆمەنیستە موخەزرەمەکە، وێنە ڕەش وسپیەکە دەکەمەوە، بیر لەو نادیارە دەکەمەوە لەشوێنێکی دیکە و لەزەمەنێکی جیاوازدا بوونی هەیە وبەردەوامی بەخۆی دەبەخشێ، بەنێو شوێن وزەمەنەکانی دیکەدا هەنگاو دەنێ و دەشزانێ ساتێک دێت چاومان بەچاوی یەکدی بکەوێتەوە، ئەوێک کەمن نیم و منێکیش کـەئـەو نـیـــم...

## دوو پەراوێزی گرنگ

• لیۆ ترۆتسکی ١٨٩٧ - ١٩٤٠سەرکردەیەکی گرنگی بەلشەفیەتی ڕووسی بوو، تەنانەت بە لینینی دووهەم ناودەبرا، دامەزرێنەری سوپای سووری سۆڤێتی بوو، لەدوای مردنی لینین، ڕەخنەی زۆری لەسیاسەتی جۆزێف ستالین گرت، لەترسی کوشتن سۆڤیتی بەجێهێشت و لەمەکسیک گیرسایەوە، لەوێوە بەردەوام بوو نووسین و ڕەخنەگرتنی لەستالین وشێوازی کارکردنی حکومەتی سۆڤێتی. تێزەکانی بوونە هۆی پێکهێنانی باڵێکی تایبەت لەبزووتنەوەی کۆمەنیستیدا کەتاوەکو ئێستا بە ترۆتسکیەت ناسراوە، چەندەها جار هەوڵی کوشتنی درا لەلایەن کاگابی، بەڵام هەموو هەوڵەکان لەلایەن پۆلیسی مەکسیکی و پاسەوانە تایبەتیەکانی ترۆتسکییەوە نشووستی هێنا، تاوەکو ئیسپانییەکی کۆمەنیست بەناوی ساختەی (فرانک جاکسۆن ) خۆی لەناسیاوو هاوڕێکانی ترۆتسکی نێزیک خستەوە. لەڕاستیدا ناوی ڕامۆن مێکادێر هێرنانتێز ( Ramón Mercader del Río Hernández) بوو، توانی چەند جارێک سەردانی ترۆتسکی بکات، لەدوا سەردانیدا لە٢٠ئاوگوستی ١٩٤٠ دا، لەکاتێکدا ترۆتسکی لەسەر مێزی نووسینی سەرقاڵی خوێندنەوەی نوێترین نووسینی خۆی بوو بۆ ڕامۆن مێکادێر، ئەو توانی بەقوولاپ چەکوشێکی سەهۆڵ شکاندن، کەلەگەڵ خۆیدا هێنابووی کەللەی ترۆتسکی شەق بکات، ترۆتسکی یەکسەر ئاوڕی بۆدەداتەوە و گاز لەدەستی دەگرێت، تائەو کاتە پاسەوانە تایبەتییەکان بەهانای ترۆتسکییەوە دێن ترۆتسکی بەسەختی بریندار بوو، دوا ڕستەی ترۆتسکی ئەوە بوو بەپاسەوانەکانی گووت: ( تکایە مەیکوژن، ئەو پیاوە چیرۆکێکی هەیە بۆ گێڕانەوە)....

• ئەم چیرۆکە گەر لەیادم مابێت لە ٢٠٠١ نووسیومە و لەیەکێک لەگۆڤارەکاندا بڵاومکردەوە، لەم ماوەیەدا بەڕێکەوت لە ئەرشیفی خۆمدا جارێکی دیکە دەستمکردەوە بەخوێندەنەوەی، لێرە دێڕێک ولەوێ بڕگەیەک و لەشوێنێکی دیکەدا گۆڕینی ناو و زیادکردنی ڕووداو وبیرۆکەی دیکە.. لەئەنجامی ئەم هەموو گۆڕانکارییە بوو بە چیرۆکێک جیاواز لەزۆر لایەنەوە لەچیرۆکی یەکەم.. نەک هەر جیاواز بەڵکو دووقاچی دیکەی بۆ خۆی قەرزکردووە و من و چیرۆکە باوکەکەی بەجێهێشتووە بەتەنێ سەفەر دەکات..

نورنبێرگ ـ ئازاری ٢٠٠٩